




# تیرۆر لە کورستان لە تۆقاندنی زیندووانەوە بۆ سوکایەتی بە مەزاران

چەند ساڵێکە ، تیرۆر ، دەستی رەش و قێزو نانەوەی خۆی لە خەڵکی کوردستان دەوەشێنێت .

ئەوکارەکرێت و دژ بە مرۆڤایەتییە ، لە نووسەران و رۆشنبیران و تێکۆشەرانی میللەتەوە دەستی پێکردو تا گەیشتە تەقاندنەوەی شوێنە گشتییەکان و ، باخچەو سەیرانگاکان ، کوتیایدا چەندین منداڵ و ئافرەتی لێ بریندار و شەهیدبوون .

بەم دواییەش ، رەهەند و شێوازێکی دیکەی بەخۆوەگرت ، ئەویش دەستدرێژی کردنە سەر مەزاران و هەڵکەندیان و دەرهێنانی ئێسك و پروسك وسوکایەتی پێکردنیان . لە کۆڕێکی فراواند ، کە ئێوارەی 1 / 8 / 2002 ، بنکەی کاوەی رۆشنبیری کوردی لە هەولێر سازیدا ، (**تیرۆر لە کوردستان لە تۆقاندنی زیندووانەوە بۆ سوکایەتی بە مەزاران**) بە ئامادەبوونی ژمارەیەکی بەرچاو لە پیاوانی ئایینی و شێخانی تەریقەتی نەقشبەندی و مریدانی ئەو رێبازە پیرۆزە و سیاسەتوان و رۆشنبیران و رۆژنامەنووسانەوە گفتوگۆی لەسەرکرا هەریەك لە بەڕێزان شێخ عەدنان نەقشبەندی ؛ وەزیری ئەوقاف و کاروباری ئیسلامی حکومەتی هەرێمی کوردستان و ، د . عەبدوڵڵا ئاگرین و ، عەبدولغەنی عەلی یەحیاو ، ئاکۆ محەمەد بەشدارییان تێدا کرد .

سەرەتا **عەبدولرەزاق عەلی** رۆژنامەنووس ؛ کە ئەرك و بەڕێوەبردنی کۆڕەکەی گرتبووە ئەستۆ کۆمەڵێك پرسیاری ئاراستەی بەشداربووان کرد و هیوای خواست کە لە کاتی

پێشکەشکردنی بابەتەکاندا یان لەکاتی گفتوگۆدا لەلایەن ئامادەبووانەوە وەڵام بدرێتەوەو ، پرسیارەکانیش بریتی بوون لە ، تیرۆریستانی کوردستان بەم کارە تیرۆریستانە و سووربوونیان لەسەری و بەم شێوازە دەگمەنە لە دنیاشدا دەیانەوێ چی بەخەڵکی کوردستان بڵێن و بۆچی تیرۆریستانی کوردستان بێجگە لە تیرۆریستانی هەموو دنیا دەست بۆ مێژوو و موقەدەساتی ئەم میللەتە دەبەن ؟

ئینجا **عەدنان نەقشبەندی** وەزیری ئەوقاف و کاروباری ئیسلامی بابەتەکەی پێشکەش کرد و باسی کورتەیەکی بنەماڵەو تەریقەتی نەقشبەندی کرد و گوتی : کارێکی ئاسان و ئاسایی نییە مرۆڤ باس لە بنەماڵەی خۆی بکات ، بەڵکو شتێکی خۆشیش نەبێت ، بەڵام ئێمە وەکو بنەماڵەی شێخی سراجەدینی هەورامان وای بۆ دەچین کە ئەو مرۆڤە مەزنانە لە خزمەت ئاینی پیرۆزی ئیسلامدا بوون و بە هەموو جۆرێك خزمەتیان بە گەلەکەیان کردووەو هەوڵیان داوە خزمەت بەهەژارو لێقەوماوان بکەن ، بەڵکو بەشێکی پڕشنگداریش بوون لە کولتوورو مێژووی گەلی کورد ، بۆیە ئەم کارەساتە دادەنێین کە دەرحەق بەهەموو گەلی کوردستان و موسڵمانان و ئادەمیزاد کراوە .

دواتر **عەبدولغەنی عەلی یەحیا** باسەکەی خۆی پێشکەشکرد و تیایدا گۆڕ هەڵتەکاندن و سوکایەتی کردن بە مردووان بەکارێکی تیرۆریستانەی دژ بە هەموو بەهاو ئاکارێکی مرۆڤایەتی لە قەڵەم داو بۆ سەردەمێکی کۆنی گێڕایەوەو گوتی :

هەڵتەکاندنی گۆڕی شێخانی نەقشبەندی بە پلەیەکی سوکایەتی کردنە بەو گەورانەو ، سوکایەتیش بەوانە سوکایەتی کردنە بەمیللەت ، چونکە میللەت خۆی ئەو گۆڕانەی هەڵبژاردووەو ، رازاندۆتەوەو ، سەردانی دەکات و ، بە موقەدەساتی خۆی دەزانێت ، بۆیە کارە تیرۆرستییەکانی باخەکۆن دژ بە میللەتی کوردە نەك هەر بنەماڵەی نەقشبەندییەکان یان بە شێخەکانی تەریقەتی نەقشبەندییەو ئەمەشیان زیاتر بۆ خەریك کردنی میللەتی کوردە بۆ ئەوەی ئاگای لە ئەزموونەکەی ببڕێ و قەوارەیەك بۆ خۆی دروست نەکات .

دواتر **د . عەبدوڵڵا ئاگرین** لەو سەرچاوانەوە چووە ناو باسەکەی کەتیایدا باسەکەی لێ هەڵێنجاوەو پاشان کورتەیەکی لایەنی تەسەوفی ئەو بنەماڵەو تەریقەتی نەقشبەندە خستە بەرباس و لێکۆڵینەوەو ئەو کارە تیرۆرستییەی کە ئەو کۆمەڵە بەناو موسڵمان و لەژێر پەردەو رەشماڵی ئایینی پیرۆزی ئیسلامەوە ئەنجامیان داوە بەکارێکی دژ بە شارستانییەت و دیدی ئازاد – کارێکی دژ بە بەهای ئاکارەکی و رەوشی بەرزی مرۆڤایەتی و ، دژی مێژووی کورد و ، بزووتنەوەی ئایینی پیرۆزی ئیسلام و ، کوردایەتی لە قەڵەم داو

**، گوتی : ئەو کارە تیرۆریستیانەی کە ئەم دەستەیە پێی هەڵساون بەرای من دژ بە ئێسك و پروسك نییە تەنها بەڵکو دژ بە بەهاو موقەدەساتی میللەتەکەیەو دژ بەئەفکاری زیندووی ئەوانەیە ، کە ڕێگایان بۆ ڕۆشن کردووینەتەوە .**

**لەکۆتاییدا ئاکۆ محەمەدی ڕۆژنامەنووس دەرهێنانی گۆڕەکانی شێخانی نەقشبەندی بەمەسەلەیەکی دابڕاودانەنا لەو کارو کردەوانەی کە ئەو گروپە ئەنجامیان داوە بەڵکو بە شتێکی تێکەڵ بە بەرنامەکەی ئەوان و شتێکە پێشدەستییەکی تیۆری بۆ هەیە ، کە ئەو گروپە ئەم کارەی کردووەو گوتی : مەسەلەکە زیاتر پەیوەستە بەوەی کە ئەوان لەگەڵ ژیانی دیموکراسیدا هەڵناکەن و ، لەگەڵ ڕەئی جودادا هەڵناکەون و ، لەگەڵ گۆڕێکیشدا هەڵناکەن ، کە خەڵکی بەدواوە بێت ؛ لەبەر ئەوە پێویستە بکوژرێ ، چونکە کافرەو مورتەدە .**

**هەروەها گوتی : ئەو تاقم و گرووپە نایانەوێ هیچ خاڵێکی پیرۆزی ئیسلام لەناو وڵاتەکەی ئێمەدا بمێنێتەوە دەیانەوێ چاومان لە دەرەوەبێت و هەر پیرۆزییەك کە هەبێت لە دەرەوەی وڵاتەکەی ئێمەدا بێت ، ئەوەش شتێکە نەخشەو پلانێکی زۆری لە پشتەوەیەو ، پرۆگرامێکی دوژمنکارانەی بۆ کێشراوەو ، پێویستە هەروا بە ئاسانی بەسەرماندا تێنەپەڕێ ، چونکە تایبەتمەندییەکی داگیرکەرانی کوردستانەو هەمووماندەست لەناو دەست بکەوینە وێزەی ئەم تاقمە سەر لێشێواوەو لە کوردستان بە دەریان بکەین و خاکی کوردستانیان لێ پاك بکەینەوە .**